# سێکس ورۆڵی له‌ ژیانی مرۆڤ چیه‌ ؟

تامان شاکر

ئایا سێکس ئه‌و شته‌ سیحراوییه‌یه‌ که‌ له‌ هه‌موو کات و سه‌رده‌مێك ڕۆڵێکی تایبه‌تی و گرنگی له‌ ژیانی مرۆڤدا بینیووه‌ به‌بێ جیاوازی جۆری ژیان و کۆمه‌ڵگاوه‌.

مرۆڤ هه‌میشه‌ هه‌وڵی داوه‌و په‌نای بۆ هه‌موو ڕێگایه‌ك بردوه‌ بۆ تێر کردن و دامرکاندنه‌وه‌ی ئاره‌زووه‌کانی خۆی, ته‌نانه‌ت زۆر جار مرۆڤ په‌نای بۆ ئاژه‌ڵ بردووه‌، که‌واته‌ سێکس یه‌کێکه‌ له‌ فاکته‌ره‌ هه‌ره‌ گرنگه‌کانی ژیان، ئه‌ی هه‌ر سێکس نییه‌ سه‌رنجی پیاوان ڕاده‌کیشێ بۆ لای ژنان؟ئه‌ی هه‌ر سێکس نییه‌ ژیان نوێ ده‌کاته‌وه‌؟ئه‌ی هه‌ر سێکس نییه‌ ئاسووده‌یی ڕۆحی و جه‌سته‌یی ده‌دات به‌مرۆڤ ؟ به‌ پێی ئه‌و لێکۆڵینه‌وه‌ زانستیانه‌ی له‌ ولآته‌ پێشکه‌وتوه‌کاندا ئه‌نجام دراوه‌، ئه‌و که‌سانه‌ی ژیانێکی سێکسی به‌رده‌وام و ڕێکوپێکیان هه‌یه‌ به‌خته‌وه‌ر ترن و ته‌مه‌ن درێژترن له‌و که‌سانه‌ی که‌ته‌نها ده‌ژین یان جیا بوونه‌ته‌وه‌.یان ژیانی سێکسیان نییه‌. له‌و ولآتانه‌ی ئازادی سێکسی تیا نییه‌ مرۆڤه‌کان ناتوانن داهێنان بکه‌ن، چونکه‌ ئه‌وه‌نده‌ی خه‌ریکی بیرکردنه‌وه‌ن بۆ تێرکردنی ئاره‌زوه‌کانیان و پڕکردنه‌وه‌ی ئه‌و بۆشاییه‌ ڕۆحی و جه‌سته‌ییه‌یان، توانایی بیرکردنه‌وه‌ی شتی تریان نییه‌ یان لاوازه‌. لێره‌دا پرسارێك دیته‌ پێشه‌وه‌ ئایا ئێمه‌ی کورد چۆن له‌و په‌یوه‌ندیه‌ مرۆڤایه‌تیه‌ ده‌ڕوانین ؟ کێشه‌کانمان له‌ کوێن چۆن چاره‌سه‌ریان بکه‌ین ؟

سه‌ره‌تا ده‌مه‌وێ بڵێم باس کردنی ئه‌م بابه‌ته‌ زۆر ده‌گمه‌نه‌ ، مرۆڤی کورد هۆشیاری سێکسی که‌مه‌ یان هه‌ر نیه‌تی، هه‌رچه‌نده‌ ڕاسته‌وخۆ په‌یوه‌ندی به‌ ژیانی ئه‌ویشه‌وه‌ هه‌یه‌، کۆمه‌ڵگای ئێمه‌ش له‌م کێشه‌یه‌ به‌شی شێری به‌ر که‌وتووه‌، هه‌ریه‌کێکیش له‌ ئێمه‌ ده‌زانی له‌ ئه‌نجامی ئۆرگازمۆزیك له‌ دایك بووه‌.ئێمه‌ سێکس وه‌ك یه‌کێك له‌ پێداویستیه‌کانی ژیان سه‌یر ناکه‌ین، به‌ڵکو چه‌ند تێڕوانینی سه‌یرمان هه‌یه‌ بۆی.سێکس لای ئێمه‌، پێش هه‌موو شتێك بۆ وه‌چه‌نانه‌وه‌ سه‌یر ده‌کرێت ،یان ئه‌وه‌تا وه‌ك شه‌ره‌ف سه‌یری ده‌که‌ین.تاکو ئێستا نه‌مانتوانیوه‌ ئه‌م دوو بابه‌ته‌ جیاوازه‌ واته‌ سیکس و شه‌ره‌ف له‌ یه‌کتری جیا بکه‌ینه‌وه‌ .ئه‌گه‌ر سه‌یری جنێوی کوردی بکه‌ین هه‌ر هه‌مووی سێکسییه‌ بۆ سوکاییه‌تی پێکردن به‌کارده‌هێنری پیاوان شمشێره‌کانی خۆیان ڕه‌وانه‌ی ناو گه‌ڵی خوشك ودایکی یه‌کترده‌که‌ن. یان ئه‌وتا وه‌ك تاوانێکی گه‌وره‌ سه‌یری ده‌که‌ین و ئاماده‌ین به‌ سه‌دان ژنی له‌ پێناودا بکوژین، یان ئاگر له‌ جه‌سته‌یان به‌ر بده‌ین سه‌ده‌ها ژن یان بوون به‌ قوربانی و ژیانیان له‌ ده‌ستدا ، یان ئه‌وه‌تا کۆمه‌لگا

زۆر بەهێواشی و لە سەرخۆ دەیان کوژێت، هەرچەندە بکوژەکانیش باش دەزانن سێکس و خۆشەویستی بەشێکی دانەبڕاوی ژیانن و بەڵام سڵی لێدەکەنەوەو نایانەوی دان بەو ڕاستیەدا بنێن.

لە ژیانی خێزانیشدا سێکس ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە. لە سەرەتایی پێکهانانی خێزاندا هەموو شتێك تازەیە، سێکس بەڕێژەیەکی زۆر دەکرێت بەڵام بەرە بەرە سێکس ئەو خۆشی و جوانییەی نامێنی و ئاوێتەی بێزاری دەبێت هۆکارەکانیشی زۆرن.ئاخر پیاوان تەنها سێکس بۆ خۆیان دەکەن و بیر لە ئاسوودەیی ژنەکانیان ناکەنەوە، وا دەزانن تەنها ئەوان مافی ئەوەیان هەیە خۆشی لە سێکس ببینن ژنان تەنها دەبێت ئارەزوەکانی ئەوان تێر بکەن، پیاوان پێویستیان بە ماوەیەکی زۆر کەم هەیە بۆ ئەنجامدان و چێژ وەرگرتن لە سێکس، بەڵام ژنان پێویستان بە کاتێکی زۆر تر هەیە بۆ گەیشتن بە ئۆرگازمۆز .

نەبوونی هۆشیاری سێکسی و، نەناسینی جەستەو رۆحی یەکتری، هەموو جوانیەکانی سێکس دەکوژێت.هەریەك لە ئێمە نەخشەی هەموو نیشتمانی عەرەبی دەناسێت کەچی جەستەی هاوسەرەکەی درێژی مەترو نیوێکەو پانتاییەکەی چەند سانتیمێکە نایناسێت. بۆیە ژنان بە فێڵی نەخۆشی،یان مناڵەوە هەوڵ دەدەن خۆیان لەم کارە بدزنەوە. وردە وردە ژووری خەوتن بۆگەن دەکات و ژیان دەبێت بە دۆزەخ، لە سەر هەموو شتێك دەبێت بە شەڕ، باس لە هەمووکێشەیەك دەکریت تەنها کێشەی ژووری خەو نەبێت، لەم حاڵەتەشدا مناڵان دەبن بە قوربانی ئەم شەڕە .زۆرجاریش ژنان یان پیاوان هەوڵ دەدەن لە دەرەوەی ژووری خەوتنەکەیان ئاسوودەیی سێکسی بۆ خۆیان بدۆزنەوە.

مرۆڤی کوردیش وەك هەموو مرۆڤێکی ئەم جیهانە خاوەنی کۆمەڵێك کێشەی کۆمەڵایەتییە.ئەوەی جێگای داخە ڕۆشەنبیری کورد کەمتر گوێ بە کێشە کۆمەلایەتیەکان دەدات هەموو قورسایی خۆی خستۆتە سەرکێشە سیاسیەکان و سیانزە ساڵیشە باس لە کارو کردەوەکانی پارتی و یەکیتی دەکەین بەو هەموو نوسینەشەوە کەس نەی توانی گۆرانکاری سیاسی لە نێو ئەو دوو حیزبە بکات.جا ئەگەر کۆمەڵگا هۆشیار بێت، چۆن حیزب دەتوانی ببی بە دیکتاتۆر. کە کۆمەڵگا نەبوو بە مەڕ، نوسەران نەبوونە کۆیلەی دەسەلات،گۆڕانکاریەکان لە خۆیانەوە دەست پێدەکەن, کۆمەڵگایی کوردی پێویستی بە شۆرشێکی کۆمەڵایەتی هەیە، بۆ چارە سەر کردنی کێشەکانی،لەش ئاوینەی رۆحە کاتێك مرۆڤ لەشی ئازاد نەبێت رۆحی ناتوانی ئازاد بێت،مرۆڤ لە رێگایی ئەنجامدانی پەیوەندی سێکسەوە خۆی و ژیان و دەورو بەر دەناسێت. بۆ چارە سەر کردنی کێشەی ئەو هەموو قەیرەو بێوەژنە بۆ چارە سەرکردنی کێشەی گەنجەکان چارە سەرکردنی کێشە کۆمەلایەتییەکان، کلیلی چارەسەر کردنی کێشە سیاسیەکانە، لە ناو کۆمەڵگایەکی نەخۆش و دواکەوتوو کە نەمافی مرۆڤ ،نەمافی تاکە کەس هەیە

کۆمەڵگایەکی بێ زانست بێ پەروەردە، کۆمەڵگایەکی بێ خۆشەویستی سیاسەتیش نەخۆش و دوا کەوتوو دەبێت، بە ئاسانی دەتوانی مرۆڤەکان بۆ هەرمەبەستی بە کاربێنی. بۆ نموونە لە وڵاتەکەی من زۆر بە ئاسانی دەتوانی کەسێك بکوژیت لە سەر شەقام ناو کۆلانەکانی شار بەڵام بەو ئاسانییە ناتوانی خۆشەویستەکەت ماچ بکەیت. ئەوەی جێگایی داخە لە ولاتەکەی من کوشتن لە خۆشەویستی ئاسانترە.بەلامەوە سەیر نییە کە خەڵکی کورد هەستی نەتەوایەتی لاوازە ئەگەر لە وڵاتێك مرۆڤ خۆشی نەبینی چۆن بەبێ پێڵاو بەجێی ناهێڵی

لە وڵآتانی ڕۆژئاوادا دەزگاکانی راگەیاندن باس لە هەموو ئەو کێشانە دەکەن کە ڕاستەو خۆ پەیوەندی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە، مەلاکانیش کەوتیان شەرم لە ئاییندا نییە هەمووشتێك باس دەکەن،ئەوە تەنها تیڤی و رادیۆکوردیەکانن هەمیشە بەپەرۆشی ئەوەن تازەترین کلیپ نیشان بدەن، من رێزم بۆ گۆرانی بێژان هەیە،مرۆڤ چیژ لە گۆرانی وەردەگرێت بەڵام ناتوانێ چارەسەری کێشەکانی خۆی پێبکات. ژیان تەنها گۆرانی ئەرابیسك و،باسی خەت و خال و ڕابردووی پر لە سەروەریمان نییە، ئاخر من دەمەوی بپرسم کام ڕابردوو! مرۆڤ دەبێت هەر ئەوەندە ئاوڕ لە ڕابردوو بداتەوە کە سوودی بۆ ئەمرۆ هەبێت،دەبی چارەسەری کێشەی مرۆڤی ئەمرۆ بکەین، ئەو پەیمانەی کە لەگەڵ نەوەی داهاتوودا هەمانە بە وشیاریەوە جێبەجیی بکەین .

ئەگەر مرۆڤی کورد هۆشیار بێت، ئاگاداری هەموو لایەنەکانی ژیان بێت،خۆی و دەورو بەر بناسێت، ئەو کاتە دەتوانێ بڕیار بدات هەڵوێست وەربگرێت و،نەبێتە کۆیلەی دەسەڵات.ئەو کاتە دەتوانین باس لە دیموکراتی و کۆمەلگای مەدەنی بکەین.

**2005/2/11**